# خەواریج
# سەرهەڵدان، بنەمای فیکری و فیرقەکانیان

د. ڕابیعە فەتاح شێخ محەممەد
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١ - ناساندن - شەهرستانی بەو شێوەیە ناساندوونی کە ئەوەی لە ئیمامی حەق دەرچێ، کە جەماعەت لە سەری ڕێکەوتوون، پێی دەڵێن دەرچوو (خارجی)، ئەوجا ئەو دەرچوونە لە سەردەمی صەحابەی ڕاشدین، یان دوای ئەوان بێ.

خەواریج کۆنترین فیرقەی ئیسلامییە و یەکەم دەرچوونە لە ئیسلامدا، ئەوانەن کە لە سەردەمی ئیمامی عەلی (ئەمیری موسڵمان) دوای شەڕی صەفین بە تەحکیم ڕازی نەبوون.

٢ - زاراوە - ناوی خەواریج لە حەدیسەکانی پێغەمبەر(د.خ) وەرگیراوە، وەک زاراوە بە سێ گرووپی موسڵمان لە سێ ماوەی جیاواز گوتراوە، ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی دەرچوو لە حاکم و تایەفەیەکی ئایینی خاوەن تەفسیری تایبەتی قورئان و کەسانێکی توندڕۆی ئەهلی سوننە کە موسڵمانیان تەکفیر کردووە. بە شێوەیەک پەرەی سەندووە بووەتە تایەفەیەکی ئایینی و خاوەن تەفسیری ئایینیی خۆیانن. ئەو تایەفەیە لەسەر بیروڕا و مەزهەبیان زۆر توندن.

٣ - ناویان: ئەوان ناویان لە خۆیان نابوو جەماعەتی ئیمانداران، موئمینین. خەواریج دژە سیاسی و فیکرەکانیان ناوی لێیان ناون، چونکە لە عەدل و ئەئیممەی حەق دەرچوون، دواجار ناوەکەیان قبووڵ کردووە، بە تەفسیری

ئەوەی کە لە جەور و ستەم و لاوازی ئیمام دەرچوون، لەبەر ئەوە دەرچوونیان جیهادە لە پێناو خودای گەورە، هەروەها پێیان گوتراوە نەهرەوان، چونکە لەوێ دەستیان بە یەکەم شۆڕش کردووە، ناوی حروری-یان پێ گوتراوە، چونکە یەکێک لەو شوێنانەیە شۆڕشیان لێ بەرپاکردووە، هەروەها ناوی (المحكمة)یان لێ نراوە، چونکە (بە هیچ حوکمێ بێجگە لە حوکمی خودا) ڕازی نەبوون. سەرباری ناوی (الشراة)، بە واتە ئەوانەی نەفسی خۆیان لە دنیا فرۆشتووە و لە ئاخیرەت کڕیویانە، هەروەها بە (المارقة) و (النواصب)، بە واتەی چەسپاندنی دژایەتی عەلی (ڕ.خ) ناسراون.

٤- سەرهەڵدان: هەندێک لە توێژەران ڕایان وایە لە کۆتایی سەردەمی خیلافەتی عوسمان کوڕی عەففان و سەرەتای سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووتالیب، لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ناکۆکیی سیاسیی ئەو سەردەمە سەری هەڵداوە، چونکە ئەوان مکوڕ بوون تا حوکم لە ڕێگەی (ئیختیار و بەیعەت)ـەوە بێ و بە پێویستیان زانیوە لە سەر هەموو شتێ، تەنانەت بچووکیش بووبێ ئەمیری موسڵمانان موحاسەبە بکرێ، کەچی هەندێکی دیکە ڕایان وایە دوای ئەوەی سوپای مەعاوییە لە شامەوە هات تا ڕووبەڕووی سوپای ئێراق ببێتەوە، عەمرو کوڕی عاص سەرکردەی سوپای شام، قورئانی بەسەر نووکی شمشێرەکانی بەرزکردەوە تا تەحکیم بکرێ، ئیمامی عەلی هەرچەندە هەستی بەو فێڵە کردووە، کەچی لەبەر خوێنی موسڵمانان بە تەحکیم ڕازی بووە و ئەبوو مووسای ئەشعەری وەک نوێنەر ناردووە، دوای ئاگربەست دوازدە هەزار جەنگاوەر لە ڕیزی سوپاکەی بە تەحکیم ڕازی نەبوون، چونکە پێیان وابوو ئەو تەحکیمە لە بەرژەوەندی مەعاوییەیە و ناکرێ تەنیا هەردوو نوێنەر (عەمرو کوڕی عاص و ئەبوو مووسای ئەشعەری) حوکمێک بدەن کە لە بنەڕەتدا (هیچ حوکمێ بێجگە لە حوکمی خودا) لە ئارادا نییە. دوای کۆبوونەوەی هەردوو نوێنەر پێگەی عەلی لاواز بوو و لە بەرانبەردا هەڵوێستی مەعاوییە بە هێز بوو، ئەوان زیاتر پێیان لەسەر هەڵوێستی خۆیان داگرت و هەموو ئەنجامێکی تەحکیمیان ڕەفزکردەوە و بڕیاریان دا شەڕی مەعاوییە بکەن، بەڵام عەلی ئەوەی ڕەفزکردەوە، چونکە پەیمانی دابوو ئەوەی نوێنەرەکەی کردوویەتی هی ئەوە، بۆیە ئەوان دوای تەحکیم میرێکیان بۆ خۆیان لە (ئەزەد) هەڵبژارد کە ناوی عەبدوڵڵا کوڕی وەهەب ڕاسبی بوو.

زۆربەی خەواریجەکان لە حافز قورئانەکان بوون، ئەوان دوای کوژرانی عوسمان کوڕی عەففان بەیعەتیان بە عەلی دا، دواتر لەویش دەرچوون. لە ئەهلی سەلەف، ئەمانەن (ئەبا شەعسا، جابر بن یەزید، عەکرەمە، ئیسماعیل کوڕی سەمیع، ئەبا هاروون عەبدی، هەبیەیرە کوڕی مریەم)، هەروەها لە شاعیرەکانیان ئەمانەن (عومران کوڕی حەتتان، حەبیب کوڕی مورە صاحب زوحاک کوڕی قەیس) و ئەو کۆڕانەی کە خەواریجی لێ بوون، ئەمانەن (جەزیرە و مووسڵ و عومان و حەزرەمەوت و هەندێک ناوچەی مەغریب و خۆراسان).

٥- بنەمای فیکری سیاسیی و کۆمەڵایەتی خەواریج

ا- لە بارەی سیستمی حوکمەوە: بە واتە دەسەڵاتی باڵا (ئیمامەت و خیلافەت) بە لایانەوە هەموو موسڵمانێک دەتوانێت ئەو پۆستە وەربگرێت، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی نەسەب

و ڕەگـەز و ڕەنگـی بکرێـت، ئـەوان نەسـەبی قورەیشـی، یـان عـەرەب بەلایانـەوە گرنـگ نییـە، هەتـا ئافـرەت دەتوانێـت ویلایـەت وەربگرێـت. لەبەر ئـەوە بە مەئدەئی (هیچ حوکمێک نییـە، بیجگـە لـە حوکمـی خـودا- لا حکـم الا للـە) کاریـان کـردووە.

ب- لـە بـارەی ئیمامەتـەوە: ئـەوان (ئیختیـار و بەیعەت)یـان تەبەننـی کـردووە، فیکـرەی ئیمامەتیـان ڕەفزکردووتـەوە، ئەگـەر بـە کاروبـاری ئاسـمانەوە بەسـترابێتەوە، بەلایانـەوە ئیمامـەت بریتییـە لـە فـەرع، نـەوەک ئەسـڵ بـێ لـە ئەسـڵەکانی ئاییـن، بۆیـە دەبێـت شـوورا لـە نێوان موسـڵمانانـدا بکرێت و خەلیفـە بـە ئـازادی هەڵبژێررێـت.

ج- شـۆڕش: بەلایانـەوە دەبێـت شـۆڕش بکرێـت تـا (حـەددی کرێـن- حـەددی شـیرا)، بـە واتـە شـۆڕش بەسـەر جـەور و سـتەم، ئـەو حـەددە لـەو کاتـەدا ڕێـک دەکەوێـت تـا ئەگـەر چـل کـەس بـە ئیمـام ڕازی نەبـوون، شـۆڕش بـەردەوام دەبێـت. حـەددی شـیرا، بـە واتـە ئەوانـەی بـە ڕوحیـان بەهەشـتیان کڕیـوە، ئەوانـە تـا دەبنـە سـێ کـەس نابێـت وازبێنـن.

د - لـە بـارەی عەدلـەوە: پێیـان وایـە دەبـێ هەمـوو سـتەم و جـەور ڕەفـز بکرێتـەوە، چونکـە خـودای گـەورە جـەور و سـتەمی نەفـی کـردووە، بەواتـە دەبـێ بـۆ ئـەو بەرپەچدانـەوە، مـرۆڤ خـاوەن قـودرەت و تواناییـە و سەربەسـتیی بەدەسـت خۆیەتـی.

هـ- تاوانـی گـەورە: خەواریـج کۆکـن لەسـەر ئەوەی ئەوانـەی بـەر لـە تەوبـە دەمـرن، حوکمـی کفـر و نەمرییـان لـە نـاو ئاگردایـە، کەچـی ئەهلـی سـوننە ئـەوە ناسـەلمێنن و لەگەڵیـان جـودان، هەروەهـا لـە شـەڕی عەلـی سـوننە لەگـەڵ خەواریج خیلافیـان هەیـە. هـەر ئـەو فیکرەیـان وای کـرد دژی بەنـی ئومەییـە بکەونـە جەنـگ.

و- لـە بـارەی تەوحیـدەوە: پێیـان وایـە زاتـی خـودای گـەورە بـە هیـچ شـتێک بـەراورد ناکرێـت، لـەو هەڵوێسـتەوە دەدان بـە خەلقـی قورئانـدا دەنێـن.

ز- کار بەچاکـە (ئەمـر بـە مەعـروف) و نەهـی لـە خراپـە (نەهـی لـە مونکـەر): ئـەو بنەمایـە پێوەندیـی بـە گۆڕینـی حوکمـەوە هەیـە تـا لـە دەسـت جـەور و سـتەم دەربـاز بیـن.

٦ - فیرقەکانیـان: لەگـەڵ ئـەوەی لەسـەر بنەمـا فیکرییەکانیـان هاوبـەش بـوون، کەچـی لـە هەندێـک مەسـەلە و فرووعـدا جیاوازبـوون، خەواریـج حـەوت فیرقـەی گـەورەی هـەن، کـە بریتیـن لەمانـە: (المحکمیـة، ئەزارقـە، نەجـدات، سـەعالیبە، عەجـاردە، ئەبازییـە، صەفرییـە)، دواتـر لـەو فیرقانـە بیسـت فیرقـەی دیکـەی لـێ جودابووەتـەوە، :

یەکـەم: المحکمیـة: ئـەو فیرقـەی خەواریـج بـوون، کـە لـە ئیمامـی عەلـی کـوڕی ئەبـوو تالیب لـە شـەڕی صەفەیـن جودابوونـەوە، ئـەوان لـە ژێـر مەبدەئـی هیـچ حوکمێـک نییـە، بێجگـە لـە حوکمـی خـودا (لا حکـم الا للـە)، دەسـتیان بـە کارکـردووە، بەلایانـەوە دەکـرێ عەبدێکـی قـول (ڕەش) فەرمانڕەوایەتیـی موسـڵمانان بـکات، هەروەهـا پێیـان وابـوو دەبـێ بـۆ ئیمامـەت لـە نێـوان موسـڵمانان شـوورا ئەنجـام بـدرێ و بـە ڕێگـەی ئـازاد خەلیفـە هەڵبژێررێـت.

دووەم: ئەزراقـە: ئەوانـە پەیڕەوانـی نافـع کـوڕی ئـەزرەق کـوڕی قەیـس حەنەفـی-ن، کـە ئەسـڵی ڕۆمییـە و باوکـی کـە ئاسـنگەر بـوو، بووە ئیسـلام. ئـەو فیرقەیـە بڕیاریـان داوە کـە مـاڵ و خانـەی ناکۆکەکانیـان بریتییـە لـە خانـەی کفـر،

بۆیە ئەوەی لەوێ دابنیشێ کافرە، لەبەر ئەوە موسڵمانانی دیکە، موشریک نەبووە، بەڵکوو پێیان گوتوون کافر. هەتا منداڵی ئەوێ، بە واتە خانەی کفر، دەچنە جەهەندەمەوە و ڕێگە بە کوشتنیان دراوە. ئەوانە بە کافرکردنی عوسمان کوڕی عەففان (ڕ.خ) و عەلی کوڕی ئەبوو تالیب (ڕ.خ) دەستیان بە کارکردووە.

ئەزاریقەکان سی هەزار سوارچاک بوون، ئەو جەماعەتە زۆر دژی ئەمەوییەکان شۆڕشیان بەرپاکردووە. بەلایانەوە دەرچوون لە ئیمامی زاڵم واجب بووە، بە توندوتیژترین گرووپی خەواریج ژمێردراون، چونکە کافرکردن و کوشتنی منداڵی موسڵمانان ڕێگەی پێ دراوە.

سێیەم: نەجدات: ئەوانە ئەتباعی نەجدەت کوڕی عومەیری حەنەفی-ن، پێیان وایە ئایین دوو کارە، یەکەم: زانینی خودا و پێغەمبەر و تەحریمی خوێن و ماڵی موسڵمانان. دووەم: داننان بەوەی هەرچی لەلایەن خوداوە هاتووە. ئەوانە زیاتر لە کەنداو و یەمەن چالاک بوون.

چوارەم: صەفرییە: پەیڕەوانی زیاد کوڕی ئەصفەر و نوعمان کوڕی ئەصفەر، یان عەبدوڵڵا کوڕی صەففارن، ناویان لەوەوە هاتووە گوایە لەبەر پەرستنی خودا، زەرد هەڵگەڕاون، ڕای وا هەیە خەڵکی دیکە ئەو ناوەیان لێ ناون. بنەمای کاریان وەک ئەزارقە وایە، تەنیا ئەوە نەبێ، کە نابێ بڕیاری کوشتنی منداڵ لە خاکی دوژمنە (ناکۆک)ـەکانیان بدرێت، ئەگینا خەڵکیان بە کافر ژماردووە، ئەگەر نوێژی نەکردبێت، یان ڕۆژووی نەگرتبێت.

پێنجەم: ئەباچییە: میانڕەوترین فیرقەی خەواریجن، بۆیە توانیویانە قەبارەی سیاسی دروست بکەن، لەوانە لە عومان و باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا هەندێ دەوڵەتیان بنیات نا، توانییان لە نێو عەرەب و بەربەری و ئەو ناوچانە مەزهەبی خۆیان بڵاوبکەنەوە.

شەشەم: بەیهسیە: فیرقەیەکی خەواریجە لەلایەن ئیبن بەیهسەوە سەرکردایەتی کراوە و دواتر هەمان ناوی سەرکردەکەی وەرگرتووە، ئیبن بەیهسە یەکێک لە فەقیهەکانی ئەزاریقە بووە، پاشان لەوان جیابووەتەوە و ئەزاریقەکانی بە کافر داناون، ئەوانە وتووێژیان لەگەڵ نەیارەکانیان ڕەت کردووەتەوە، تا ددان بە خودا و پێغەمبەر و بەوەی پێغەمبەر هێناویەتی نەنێن، ئەوانە فیکریان بەو شێوەیە بووە، ئەگەر هەرێمێک پێشەواکەی کافر بوو، خەڵکەکەشی دەبنە کافر، چونکە تابیعی ئەون.

حەفتەم: ئەصحابی تەفسیر: گرووپێکی فیرقەی بەیهسییەن، پیاوێک لە کووفە کە ناوی حەکەم ئیبن مەروان بووە سەرکردایەتیی کردوون، ئەوانە لەسەر مەسەلەی تەفسیر لەگەڵ بەیهەسی جودا بوونەوە، چونکە گوتوویانە نابێ شەهادەی شاهید وەربگیرێت، ئیللا دەبێ تەفسیری شەهادەکە بکرێت، کە چۆنە؟ بۆ نموونە ئەگەر چوار کەس شایەدییان لەسەر پیاوێک دا بە هەر تاوانێک، نابێ شەهادەیان وەربگیرێت، تا نەزانن چۆن بووە، بۆیە بۆ هەموو حەددەکان تەفسیریان داناوە، فیرقەی بەیهسییە تەبریئەیان کردن، تا ناویان نان ئەصحابی تەفسیر.

هەشتەم: الحفصیە: ئەو فیرقەیە لە ئەبازی جودابوونەوە، بە سەرکردایەتی حەفس کوڕی ئەبی مقدام، ئەوانە بەوە جوداکراونەتەوە کە خاڵی جوداکەرەوە لە نێوان شرک و ئیمان بریتییە لە مەعریفە و زانینی خودا، بەلایانەوە کەسێک با خودا بناسێت، بەڵام زینا بکات و حەرام بخوات، کافرە، ئەو کەسە نابێ بە

شرک حیساب بکرێت.

نۆیەم: المارقە: فرقەیەکی خەواریجن، دەڵێن ئەوانە لەیەکەمەکانی ئەو خەواریجانەن کە پاش تەحکیم لە عەلی کوڕی ئەبی تالیب (ڕ.خ) دەرچوون و تەواوی دەرەوەی خۆیان کافر کردووە و لە نەهرەوان لە دژی عەلی شەڕیان کردووە، ئەو ناوەی (مارقە) لە دەرەوەی خۆیان لێیان نراوە، هەرچەندە ناوەکانی (الشراة والمحكمة و الحرورية)یان قبووڵ کردووە، کەچی ناوی (المارقة)یان پێ ناخۆش بووە. گوتراوە ناوی (المارقە) نازناوی خەواریجە، چونکە پێیان وایە مارقە (لادان- دەرچوون) لە ئایین وەک ئەوەیە کە تیر لە کەوان دەربچێت.

دەیەم/ حەروری: ئەو فیرقەیەی خەواریج لە عەلی کوڕی ئەبی تالیب یاخی بوون، لەبەر ئەوەی لە گوندێکی دەرەوەی کوفە بوون، لەو کاتەی تەحکیم ئەنجام درا، کە ناوی حەروری بوو، بۆیە پێیان گوترا حەرورییە. ئەبوو فودەیک حەروری سەرکردەیەکی ناسراویان بووە، سەرەتا ئەزرەقی بوو، دواتر بووە حەروری و لە بەحرێن دەستی بە شۆڕش کرد، ئومەییەی کوڕی عەبدوڵڵا قسرسی بەزاند، عەبدولمەلیک کوڕی مەروان دە هەزار سەربازی بۆ ڕووبەڕووی نارد، تا لەو شەڕەدا نزیکەی شەش هەزار جەنگاوەری کوژرا و هەشت هەزار کەسی لێ بەدیل گیران و ئەبوو فودەیک خۆیشی کوژرا.

یازدەم: ئەلحارسییە: ئەو فیرقەیە بە ئەبازی جودابوونە، حارس کوڕی یەزید سەرکردایەتی کردوون، ئەوانە بڕوایان وابووە دەتوانرێت کارێک بکرێت پێش قەدەر. بەلایانەوە دوای عەبدوڵڵا کوری ئەباز، هیچ کەسێکی دیکە ئیمام نییە، بێجگە لە حارس کوڕی یەزید ئەبازی.

دوازدەم: ثعالبە: ئەوانە ئەصحابی سەعلەبە کوڕی عامرن، سەعلەبە لەگەڵ عەبدولکەریم کوڕی عەجرەد خارجی بەیەکەوە هەموو کارێکیان کردووە، دواتر ناکۆکی کەوتووەتە نێوانیان لەسەر ئەوەی ویلایەت (حوکمی خودا) بەسەر گەورە و منداڵ وەک یەکە، هەتا ئەوەی کە ئینکاری حەق- خودا-ی کردووە و بە جەور ڕازی بووە، عەجاردە بەوە ڕازی بوون و سەعلەبە لەسەر ئەوە لێیان جودابووەتەوە، چونکە پێیان وابووە، منداڵی ئەو موسڵمانانەی لە ژێر دەسەڵاتیاندا نین، ئیماندارن، هەتا بالغ دەبن، ئەوجا بە کافر دادەنرێن.

سێزدەم: ئەصحابی سوئال: بەشێکی خەواریجی بەیهسییەن، کە شبیب نەجرانی ڕێبەرایەتیی کردوون، لە بارەی منداڵان ڕایان وەک سەعالیبە وا بوو.

چواردەم: البدعیە: فیرقەیەکی خەواریجی سەعالیبەن، ئەوانە لەبەر هەندێ مەسەلەی شەرعی و فیکری لە ئیسلامدا جودابوونەوە، لەوانە دەکرێ لە هەموو مانگێکی ساڵ حەج بکرێ و حەرامە ماسی بەبێ سەربڕین بخورێ و نابێ جزیە لە مەجووس وەربگیرێت.

پازدەم: جازمییە: فیرقەیەکی خەواریجن کە حازم کوڕی عەلی، یان حازم کوڕی عاصم ڕێبەرایەتی کردوون، لە مەسەلەی قەدەر و توانست و چارەنووس وەک ئەهلی سوننە بوون، بێجگە لە خودا هیچ خالقێکی دیکە نییە، ئەوان گوتوویانە ئینسان لە هەموو تەمەنی، هەرچەندە بەشی زۆری کافرە، خودا بۆ خۆی ئیمانی پێ دەدا و ئەو دەسەڵاتی تێدا نییە.

شازدەم: الخارجیە: ئەوانە خەواریجەکانی مەغریبن، زیاتر ئایینی ئیسلامیان لەگەڵ بەربەرەکانی ئەوێ گونجاندووە و هەموویان ئەسڵیان غەیرە عەرەبی بووە، داوایان کردووە

لە ئیسلامی شەرق جودابینەوە، تەنانەت زمانیشیان هەر بەربەری بێت. لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیری خەواریج کراوە بووە، بۆیە ئەو نەتەوانە وەریان گرتووە، لە ساڵی (٧٤٠) زایینی سووس و زۆر شاری دیکەی باکووری ئەفریقیان گرتووە، تەنانەت حەنزەلەی کوڕی سەفوان والیی میسر بە سەریاندا سەرکەوت.

حەڤدەم: ڕاسبییە: لەبەر ئەوەی سەرکردەکەیان ناوی عەبدوڵڵا کوڕی وەهەب ئەلراسبی بوو، بۆیە ئەو ناوەیان لێ نراوە، هەر لەگەڵ یەکەم دەرچوون لە ئیمامی عەلی، ئەلراسبی دەستی بە کوشتوبڕ کردووە و تا سکی ژنانی بە چەقۆ هەڵدڕیوە، هەتا (خەبباب کوڕی ئەرت)ی سەحابەیان کوشتووە، عەلی کوڕی ئەبوو تالیب لە ساڵی ٣٨ک ڕووبەڕووی بووەوە و ڕاسبی و حەرقوس کوڕی زوهێر بەجلیی سەرکردەیانی لێ کوشتن.

هەژدەم: زیادییە: فیرقەیەکی خەواریجی سەعالیبەن، کە زیاد کوڕی عەبدولڕەحمان سەرکردایەتی کردوون، ناوبراو فەقیهێکی سەعالیبە بووە و گەورەترین فیرقەی سەعالیبەیە، خەواریجە شیبانییەکانیان بە کافر داناوە، چونکە هاوکاری ئەبوو موسلیمی خوراسانییان کردووە. گوتوویانە شیبان کوڕی سەلەمە تەوبەی قبووڵ ناکرێت، چونکە زوڵمی لە خەڵکی کردووە.


س

ەرچاوەکان:

- الشهرستانى، ابي الفتح محمد، بن عبدالكريم، (الملل والنحل)، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت، لبنان، ١٩٧٢.
- ابي منصور عبدالقاهر بن طاهر/ التميمي، دار الكتب العلمية، ٢٠٢٠.
- الفصل في الملل والاهواء والنحل: ابن حزم الاندلسي.
- تيارات الفكر الاسلامي، د. محمد عمارة، القاهرة، ١٩٩١.
- موسوعة الفرق والجماعات الاسلامية: د. عبدالمنعم الحنفي، ١٩٩٩ ط١.
- تاريخ الاسلام د. ابراهيم حسن ابراهيم ج/١.
- مێژووی کورد لە سەردەمی خەواریج و خەلافەتدا: ماجید خەلیل، ٢٠١٥.
- ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەرەتاکانی ئیسلام: ئەحمەد حەمە ئەمین، ٢٠١٣.